# کورد لەکوێی گەمە سیاسییەکان دایە؟!

حەسەن جودی
hesen_cudi@yahoo.com

**پێم وایە پرۆسەی سیاسی لەرووخانی رژێمی بەعس بەدواوە، ئەمرۆ گەیشتۆتە خاڵێکی یەکلاییکەرەوە، بەمەش ئیدی رووداو و ئاڵوگۆڕەکانی ماوەی رابردوو گۆڕانی چۆنایەتی بەرچاو لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن. ئەوەی لەمەولاش رووددەدات لەسەر بناخەی ئەو گۆڕانە چۆنایەتییە هەڵدەچنرێت. داخوا لەم گۆڕانکارییانەدا؛ دوا فۆرمیلەی سیستەمی سیاسی و پێکهاتەی ئیداری خۆرهەڵاتی ناوین بەگشتی و ئێراق بەتایبەتی چۆن دەبێت؟ پێگەی کوردو ئەو قەوارە ئیدارییە و نیمچە سیاسییەی لەباشووری کوردستاندا پازدە ساڵە لەئارادایە چی بەسەردێت و بەرەو کوێ دەچێت؟ چ فۆرمیلەیەك و چ شێوازێکی چارەسەری دەدرێتە کێشەی ناوچە دابڕاوەکان (تازە ئازادکراوەکان)ی وەکو کەرکوك و شوێنەکانی دیکە؟ لەم گۆڕانکارییانەدا فاکتەری کوردو ئیدارەی کوردی، تاچەند رۆڵگێر دەبن و تاچەند بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد توانستی پاراستن و گەرەنتیکردنی دەبێت؟ ئێمەی کورد لەخۆرهەڵاتی ناوین و ئێراقدا خاوەن چ دینامیکییەتێکین کەدەتوانێت توانست و دەرفەتی سەرکەوتنمان لەهەمبەر تەحەددداکاندا پێبدات؟ هەروەها بە چ میکانیزمێکیش دەتوانین ئەو دینامیکییەی هەمانە ئاکتیفی بکەین؟**

**ئەم پرسگەلانە پرسگەلی هەرە گرنگی ئەم قۆناخەن و پێویستی بەشرۆڤەو لێکدانەوەی هەمەلایەن و جددی هەیە. دەکرێ لەم بابەتەدا کەمێك تاوتوێی بکەین.**

پێش هەموو شتێك؛ هەمووەمان لەسەر ئەو راستییە کۆکین کە رووخانی رژێمی بەعس و جێگیربوونی کردارییانەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەئێراق و خۆرهەڵاتی ناویندا بووە سەرەتای وەرچەرخانێکی ریشەیی لەئێراق و ناوچەکە و تەنانەت هەموو جیهانیش. بەڵام ئەمە سەرەتای وەرچەرخانەکەیەو وەکو دیارە وەرچەرخانی کامڵ و تەواو بەرێوەیەو هێزە بەکاریگەرەکانی گۆڕەپانەکە دەتوانن وەکو دەیخوازن بەدیبهێنن و فۆرمیلەی کۆتایی یان فۆرمیلەی خوازراوی خۆیانی بدەنێ.

بێگومان لەبنچینەدا؛ دەستێوەردانی کرداری و راستەوخۆی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەخۆرهەڵاتی ناوین و ئێراق بەپلەی یەکەم بۆ خۆ رزگارکردن بوو لەو گێژاو (کائیوس)ەی لەدوای سیستەمی جەمسەربەندی "سۆڤیەت ـ ئەمریکا"وە بەقووڵی تێوەی گلا بوو. پێش ئەم زەمەنە چ بەناراستەوخۆ یان لەرێی هاوپەیمانە هەرێمییەکانەوە دەستێوەردانی ئەنجام دەدا. بەڵام رادەی قووڵی و بەرفراوانبوونی گێژاوەکە ناچاریکرد بەکرداری و راستەوخۆ دەستێوەردان لەهەرێمەکە بەگشتی و ئێراق بەتایبەتی ئەنجام بدات. بەڵام ئەمریکا و هێزە دەستێوەردەرەکان مەزندەی ئەوەیان نەکردبوو کە ئێراق و ناوچەکە وەك "سندوقی پاندۆرا"یەو ئەو جوگرافیایەیە گوایە دەتوانێت سیستەمی سەرمایەی جیهانی لەگێژاوەکە رزگاربکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە بوو و گێژاوەکەی گەیاندە لوتکەی خۆی و هەموو پێگەو ستوونەکانی سیستەم دەهەژێنێ... ئەوەی ئەمرۆ ئەمریکا تێیکەوتووە "گێژاو"ە و ئەگەری ئەوە هەیە کە لێکترازانی جومگەکانی سیستەمی سەرمایەداری جیهانیش لەگەڵ خۆیدا بهێنێ. ئەگەر ئەمرۆ ئەمریکا نەدەتوانێ لەئێراق پاشەکشە بکات و نەدەتوانێ سەرکەوتنی پێویستیش بەدەستبهێنێت، ئەگەر ناکۆکییەکی مەزن لەنێوان دیموکراتیخوازەکان و کۆماریخوازەکاندا لەپەرەسەندن دایە، ئەوا ئەمانە ئاماژەیەکن بۆ زیاتر رووداني ئەو ئەگەرو شیمانەیە. هەرچەندە ئەم دەستێوەردانە بۆ ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی قووڵکردنەوەی گێژاوەکەی هێنابێت. بەڵام دەرفەتێکی بە گەل و نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکانیش بەخشی هەناسەیەك هەڵمژن و بکەونەخۆ بۆ ئەوەی چالاکانە بچنە سەر شانۆی ململانێییەکان... لەئێراقدا، گەلی کورد و شیعەی عەرەب و ئەتنیکە پەراوێزخراوەکانی وەکو "ئاشووری و کلدانی و سریانی و تورکمان) لەو گەل و مەزهەب و ئەتنیکانەن کە بابەتیانە (ئۆبژێکتیف) سوودمەندی یەکەمین بوون لەقووڵبوونەوەی ئەو گێژاوەی ئەمریکای تێیکەوتووە. بەمەش گەل و ئەتنیکە پەراوێزخراوەکان بەتایبەتی، تارادەیەکی بەرچاو بوونە هاوپەیمانی بابەتیانەو خودیانەی ئەمریکا، شیعەی عەرەبیش بوونە هاوپەیمانی بابەتیانەی ئەمریکا، بەلایەنی کەم لەپێناو رووخانی بەعسدا. واتە ئەم گەل و مەزهەب و ئەتنیکانە چوار ساڵە لەسەر حیسابی قووڵبونەوەی زیاتری گێژاوەکەی ئەمریکا دەژین و خۆبەهێز دەکەن، بەڵام داخوا ئەمریکا تاکەی و تاچەند دەتوانێت بەلانسێك بۆ رێگرتن لەم قووڵبوونەوەیەی گێژاوەکەی بگرێت؟!

لەراستیدا هەرچەندە ئەو پەیوەندییەی نێوان ئەمریکاو کورد و تاڕادەیەکیش ئەتنیکە پەراوێزخراوەکان وەکو هاوپەیمانێتییەکی ستراتیژی چاوی لێوەکرێت و لەقەڵەم دەدرێت. بەڵام لەکرۆك و ناوەڕۆکی خۆیدا شتێکی بەمجۆرە لەئارادا نییە. ئەوەی هەیە هەبوونی تەباییەك لەنێوانیاندا لەسەر بنەمای یەکانگیری بەرژەوەندییەکانیان و هەبوونی بەرژەوەندی هاوبەش هەیە. ئەمەش نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی ناوی "هاوپەیمانێتی ستراتیژی" لێبنرێت. چونکە ئەگەری ئەوە هەیە زیاتر تەنگەتاوبوونی ئەمریکا و زیاتر قووڵبوونەوەی ئەو گێژاوەی تێیکەوتووە کەمێك یان زۆربەی بەرژەوەندییەکانی ئەو گەل و نەتەوانە بکاتە قوربانی کەمکردنەوەی تەنگەتاوییەکەو سووککردنی گێژاوەکە.

راپۆرتی بیکەر ـ هاملتۆن، رۆڵدانەوە بەوڵاتانی هەرێمی وەکو سعودیا و میسر، دانوستاندن لەگەڵ سوریا، چاوپۆشی لەئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان و شاڵاوەکانی تورکیا بۆ رێکخراو و لایەنە کوردییەکان لەتورکیا، هەروەها خستنە رۆژەڤی سەرلەنوێ هەموارکردنەوەی دەستوور و ئەگەری لابردن یان گۆڕینی شێوەی ئێستای سیستەمی ئێراق و ئەگەری دواخستنی ماددەی (140)ی دەستوور وەك بەشێك لەسازشکردن لەگەڵ هێزەکانی ناوخۆی ئێراق و وڵاتانی هەرێمەکە و...هتد هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆئەوەی کە ئەمریکا لەپێناو کەمکردنەوەی تەنگەتاوییەکانی و سووککردنی گێژاوە خنکێنەرەکەی ئامادەیی هەندێك سازشکردنەو لەمەو دوایش دەیکات...

لەراستیدا ئێستا ئەمریکا بەشێوەیەکی کرداری رێنماییەکانی راپۆرتی بیکەر ـ هاملتۆن جێبەجێدەکات. ئەو رێنماییانەی لەکۆبوونەوەکەی "لوتکەی عەرەبی" لەریاز دەرکەوت و ئەو بڕیارو رێنماییانەی شیمانە دەکرێت لەکۆبوونەوەی داهاتوو لە(شەرم الشیخ) دەدرێن راستینەی ئەو مەسەلەیەمان بۆ دەسەلمێنێ.

بەمەزندەی من؛ ئەمریکا بڕیاری ئەوەی نەداوە تا سەر پشتیوانی لەکورد بکات، هەروەها لەو باوەڕەشدا نیم هەمیشە سیاسەتەکانی ئەمریکا بەقازانجی کورددا بشکێتەوە، یان واتێبگەین ئیدی بەرژەوەندییەکانی کورد و ئەمریکا تاسەر یەکانگیر دەبنەوە. بۆیە پێویستە هەمیشە ئەو شیمانەیەمان لەبەرچاو بێت کە دەکرێ و لەوانەشە سیاسەتەکانی ئەمریکا و سازشەکانی زەرەر لەبەرژەوەندییەکانی کورد بدەن، ئەو رۆڵدانەوەی ئێستا ئەمریکا بەوڵاتانی هەرێم و هێزە سوننییەکانی ناو ئێراق دەیدات مسۆگەر لەسەر حیسابی بەرژەوەندی و دەسکەوتە بەدەستهاتووەکانی کوردە لەئێراق، ئەوەی ئێستا ئەمریکاش لەئاستی ناوچەکە و ئێراقدا کاری لەسەر دەکات بەو ئاراستەیە دەڕوات. بێگومان نە ئەمریکا خۆی مەحکومی ئەوە کردووە تاسەر لەخزمەت بەرژەوەندییەکانی کورد و شیعەدا بێت و نەکوردیش لەمەودوا دەتوانێت خۆی مەمحکومی ئەوە بکات تاسەر لەخزمەت بەرژەوەندییەکانی ئەمریکادا بێت، بێئەوەی بەرژەوەندی خۆی تێدا بێت.

بۆنموونە کورد خوازیاری ئەوەن بەگوێرەی ماددەی (140) ناوچە دابڕاوەکان بگەڕێندرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام بەرژەوەندی و سیاسەتی ئەمریکا، لەم دۆخەی تێیدا دەژیت، مەرج نییە لەگەڵ ئەو داخوازییەی کوردان بێت. ئەگەری ئەوە هەیە کەرکوك وەکو هەرێمێکی سەربەخۆ بمێنێتەوەو نەگەڕێندرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. ئەگەری ئەوەش هەیە جێبەجێکردنی ماددەکە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن یان کورتخایەن دوابخرێت، هەروەها ئەگەری ئەوەش لەئارادایە دۆسیەی کەرکوك بنێردرێتە نەتەوە یەکگرتووەکان. بێگومان لەهەرسێ حاڵەتەکەدا کەرکوك ناگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئیتر کوردیش ناتوانن گەرەنتی ئەوە وەربگرن کە ئەگەر وەك هەرێمێکی سەربەخۆش بمێنێتەوە، بەڵام وەك هەرێمێکی کوردستانی یان کوردنشین بناسرێت و دانی پێدابنرێت. هەروەها ئەگەر ماددەی (140)یش دوابخرێت هیچ گەرەنتییەك نییە کە هاوکێشە سیاسی و ململانێکانی هەرێمەکەو ئێراق لەخزمەتی گەڕاندنەوەی کەرکوکدا دەبێت بۆ سەر هەرێمی کوردستان. خۆ ئەگەر وەکو دۆسیەیەك نێردرایە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەوا بەمەزندەی من ئیدی کورد پێشوەخت لەمەدا دەیدۆڕێنێ و دۆسیەکە قازانج ناکات. چونکە ئەوکاتە بەبڕیارێکی نێودەوڵەتی "لۆزان"ئاسا کەرکوك بەفەرمی لەکوردستان دادەبڕێنرێ و ئیدی بەرۆژەڤکردنەوەی کێشەی کەرکوك زۆر زەحمەت دەبێتەوە.

پێم وایە بۆ مەسەلەی سیستەمی فیدراڵیش لەئێراقدا هەر هەمان ئەو گەمانە لەژێر چاودێری و بەرژەوەندی ئەمریکا یان راستتر بڵێین بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی هەرێم و هێزە سوننییەکانی ناو ئێراقدا بەڕێوەدەبرێت. بەلایەنی کەم لەوانەیە ئەو سیستەمە فیدراڵییەی ئێستا بەو شێوەیەی لەدەستووردا بڕیاری لەسەر دراوە، لەناوەڕۆکی خۆی بەتاڵبکرێتەوەو وەك دەڵێن: کلك و گوێی ببڕن و بیکەنە ئەو تەیرە ماقووڵەی هەمووان، جگە لە کورد، پێی رازی ببن. ئەمانە هەمووی

شیمانەن، بەڵام ئەگەری روودانیان، بەگوێرەی دوا ئاڵوگۆڕ و رووداوەکان، لەزیادبوون دایەو ئەمەش بەپلەی یەکەم گەلی کورد تێیدا رەنج بەخەسارو و دۆڕاو دەبێت...

بەگوێرەی ئەو واقیعە سیاسییەی ئەمڕۆ لە ئێراقدا لەئارادایە، هەم وڵاتانی هەرێم و هەمیش هێزە باڵادەستەکانی نێو ئێراق ـ جگە لە کورد ـ لە گەمە سیاسییەکاندا بەهێزترن لە کورد، هەرچەندە پشتیشیان بە ئەمریکا گەرم بێت، بەلایەنی کەم لە سێساڵ پێش ئێستا، زیاتر توانیویانە جڵەوی رووداو و پێشهاتەکان بەقازانجی بەرژەوەندی خۆیاندا بیشەکێننەوە. لەم رووەوە هەم هێزە سوننییەکان و هەم هێزە شیعییەکان بە هاوکاری وڵاتانی هەرێم لەسەر شانۆی سیاسیدا بە کاریگەرتر و رووڵگێرتر بوونە. بۆیە ئەمریکا ئەمڕۆ راستینەی رۆڵی وڵاتانی هەرێم لەئاراستەکردنی رووداوەکان باشتر دەبینێ، لەبەرئەوە زیاتر بەلای سازشکردندا دەشکێتەوە وەك لەوەی جلەوگیری پرۆسەی سیاسی بێت لە ئێراق و ناوچەکەدا.

بەڵام کورد سەرەڕای ئەو خاڵانە هێشتا توانستی ئەوەی هەیە جلەوی رووداوەکان لەدەست خۆیدا بهێڵێتەوە، بەلایەنی کەم دەتوانێ ئەگەر سەرکەوتنی مەزنیش بەدەست نەهێنێت ئەوا شکستی مەزنیش نەخوات، بەڵام چۆن و بە چ میکانیزمێك دەتوانێ ئەمە بکات و ئێمەی کورد خاوەن چ دینامیکییەتێکین لە خۆرهەڵاتی ناوین و ئێراقدا؟ بەڕای من سێ خاڵی گرنگ وایکردووە کە کورد بەرەو پەراوێزبوون و لاوازبوونی رۆڵی خۆی لە ئێراقدا بچێت.

بەکورتی ئەم سێ خاڵە وا چڕ دەکەینەوە:

1 ـ هێزە باڵادەستەکانی باشووری کوردستان بەشێوەیەکی رەها باوەڕی و متمانەیان بەوە هەیە کە ئەمریکا تاسەر پشتیوانی کورد دەکەن و تاسەریش بەرژەوەندییەکانی کوردو ئەمریکا یەکانگیردەبێتەوە. چەندە کورد بەرژەوندییەکانی ئەمریکا لە ئێراق و ناوچەکە بپارێزێت ئەمریکاش ئەوەندە کورد دەپارێزێت. بەڕاستی ئەم تێڕوانینە رەهایەی هێزە باڵادەستەکانی کورد جگە لەوەهم و گەوجی هیچی تر نییەو لەسیاسەتدا پێی دەگووترێت "غەفڵەتی مەزن" بۆیە هەموو خەون و پرۆژە و ستراتیژ و سیاسەتی خۆی لەسەر ئەم وەهمە نەخشاندووەو بەم شێوەیەش هەڵسوکەوت دەکات. چونکە بەڕاستی ئەو هێزانە خوێندنەوەیەکی راستیان بۆ ئەو گێژاوەی سیستەمی سەرمایەی جیهانی و لەسەرووی هەموویانەوە ئەمریکا تێیکەوتووە نییەو ئەگەر راستینەی ئەم گێژاوە و کاریگەرییەکانی لەسەر ئێراق و کوردستان نەزانرێت ئەوا زۆر دوور نییە ئەو گێژاوە هاوپەیمان ومتمانەپێکراوەکانی ئەمریکاش لەگەڵ خۆی بخاتە نێو شکستێکی مەزن و بێ وێنەوە. ئەم شکستە هێزە کوردییە بەحساب هاوپەیمانەکانی ئەمریکاش دەگرێتەوە.

2 ـ ئەو هێزە باڵادەستانەی کورد، هەرچەندە هەندێك موزایەدەی سیاسی رۆژانەیی دەکەن، بەڵام تائێستا خاوەن ستراتیژییەکی نەتەوەیی باڵا نیین و لەم رووەوە بێ پرۆژەن و خاوەن ئاسۆیەکی روون نیین. چونکە هێشتا دەرك بەو راستییە ناکەن کە گەلی کورد لەتەواوی خۆرهەڵاتی ناویندا خاوەن چ پێگە و چ دینامیکییەتێکی مەزنن. ئەگەر ئەم راستییەیان دەرك پێکردبووایە ئەوا مسۆگەر هێز و وزە و توانستی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان دەکەنە پشتیوانی هەرە مەزنی خۆیان، نەك وەك کارتێك، بەڵکو وەکو هێزێکی دینامیکی هەموو کورد لێیان دەڕوانی و پرۆژەو کاری ستراتیژییان لەسەر بونیاد دەنا. بەڵام زۆر مخابن خاوەن ئاسۆیەکی بیرکردنەوەی وەها نیین و لەم رووەشەوە هیچ هەنگاوێکی جددی نانێن. ئەو هێزە کوردیانە، کە ئەمڕۆ لەئاستی ئێراقدا وەك نوێنەری کورد هەڵسوکەوت دەکەن، خۆیان لەسنووری باشوور خنکاندووەو زۆر لەوە دەترسن خاوەنداریێتی لەکێشەی گەلەکەیان لەپارچەکانی دیکەی کوردستان بکەن و زۆر بەحەزەر و تەحەفوزەوە باس لەمە دەکەن. ئەمە لەکاتێکدا بەحوکمی ئەوەی گەلی کوردستان لەهەر چوار پارچەدا یەك نەتەوەیەو خاوەن یەك کێشەیەو چوار سیمای جیاوازی دراوەتێ... لەجیاتی ئەوەی ئەو دینامیکییەتە بەهێزەی کوردان لەتەواوی خۆرهەڵاتی ناوین بۆ خۆیان بکەنە دینامیکی بنچینەیی خۆیان، هاتوون تەنیا دەخوازن بەتوانست و وزەی باشوور ـ لەزۆر حاڵەتدا ئەوەش لەسەر حیسابی پارچەکانی دیکەبووە ـ سیاسەتیان بەڕێوەبردووە!! ئەمەش هەڵەیەکی هەرەمەزنی ئەزموونی پازدە ساڵەی رابردوومانە. بێگومان توانستی(40) ملیۆن کورد لەتوانستی چوار پێنج ملیۆن کورد لەباشوور زیاترە، هیچ کاتێك بەشێك لەدینامیکی گەل و نەتەوەیەك ناتوانێت شوێنی هەموو دینامیکییەکە بگرێت یان رۆڵی هەموو دینامیکییەکە بگێڕێت.

3 ـ لەئاستی باشووردا هەردوو هێزە دەسەڵاتدارەکە لەماوەی ئەو پازدە ساڵەدا نەیانتوانیوە مودێلێکی جوانی دەسەڵاتداریێتی نیشان بدەن، بەڵکو ئەزموونێکی شکستخواردوویان پێشکەش کردووین، بەتایبەتی لەرووی پرۆسەی دیموکراتیزەبوونی

دەسەڵات و کومەڵگا و تاکەوە نموونەیەکی زۆر ناشیرینی بەڕێوەبردنیان نیشانداوە، هەر لە گەندەڵی سەرتاسەری بیگرە تا دەگاتە زەمینە خۆشکردن بۆ تەشەنەسەندنی هێز و گروپە ئوسولگەرایی و پاشڤەڕۆییەکان، هەر لەبەرتەسککردنەوەی بازنەی ئازادی بیروڕاوە بیگرە هەتا دەگاتە زەمینە رەخساندن بۆ روودانی تراژیدیای مەزنی وەك کۆچبەری لاوان و توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان و خۆکوشتنی ژنان ... ئەم مۆدێلی دەسەڵاتە ئەزموونێکی وەها تاڵی بە کۆمەڵگا و تاکەکان بەخشیوە کە لەگەڵ خۆیدا گێژاوێکی سیاسی، ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتی هێناوە ...

بەکورتی ئەم سێ هۆکارە سەرەکییە پێگەی کوردیان لەئێراق لاوازکردووە و پاسیڤی کردوون. بەڵام هەر خۆ رزگارکردن لەم سێ هۆکارەشە کە دەتوانێ پێگەی کورد بەهێز بکاتەوەو توانستی ئەوەی دەبێت ئیرادەی ئازادانەی خۆی توکمەتر بکات و سەرجەم داخوازییەکانیشی بێنێتەدی و بەرژەوەندییە باڵاکانی کورد لە ئێراق و خۆرهەڵاتی ناوین بپارێزێت.

بەڵام ئایا هێزە باڵادەستەکان دەتوانن متمانە بەخۆیان بگەڕێننەوە؟ هەروەها ئەو متمانەیەی هەم لەئاستی نەتەوەیی و هەم لەئاستی باشووردا لەدەستیان داوە بیگەڕێننەوە؟ ئایا دەتوانن نەهێڵن گەمە سیاسییەکانی ئەمریکاو وڵاتانی هەرێم و هێزە باڵادەستەکانی دیکەی ئێراق زەرەر لەبەرژەوەندییەکانی کورد بدات؟

بەرسڤدانەوەی ئەم پرسگەلانەو چەندین پرسی دیکە جێی لێکدانەوەو شرۆڤەی هەمەلایەنەن. بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرنگە گەلی کوردستان بەگشتی، بەبێئەوەی گوێ بەسیاسەتە چەوت و نادیموکراتی نانەتەوەییەی ئەو هێزە باڵادەستانە بکات، پێویستە چارەنووس و بەرژەوەندییە باڵا و نەتەوەییەکانی خۆی نەداتە دەست قەدەر و بەکەسیشی نەسپێرێت و چاوەڕێی رێکەوت نەبێت و خەیاڵپڵاوی بەنجی نەکات، ئەوەی خۆی و بەئیرادەی خۆی بەدەستی نەهێنێ و زامنی نەکات کەس بۆی بەدەست ناهێنێ. چونکە لەسیاسەت و گەمە سیاسییەکاندا کەس زامنی کەس ناکات. بەرژەوەندییە هەمیشەیی و بەردەوامەکان سیاسەت و گەمەکان و کارەکتەرکانی دیاری دەکەن، نەك متمانەی کوێرانەو بەڵێنی نووسراوی سەر بەفری ئەم و ئەو. تەنانەت پێویست دەکات گەلی کورد تەنها متمانە بەخودی خۆی و ئیرادەی خۆی بکات و بەس، شتەکانی دیکە فاکتەری یارمەتیدەرن نەك سەرەکی...